جێگری سەرۆکی هەرێم پێشوازی لە کونسولی گشتیی نوێی کۆریای باشوور کرد

ئەمڕۆ دووشەممە ٢٠٢٤/٢/٥ شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە سینچێل لیم، کونسولی گشتیی نوێی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان کرد.

بەگوفتەی راگەیەندراوێکی سەرکایەتی هەرێم لە دیدارەکدا جێگری سەرۆک، پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە سینچول لیم کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست، هەروەها سەرۆتای پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و کۆریای باشووری بە کاتی ڕووخانی ڕژێمی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ گۆتاندوو کە وەک هێزی (زەیتوون) سوپای کۆریای باشوور ڕێیان لە ئازادکردنی عێراق و کارکردن لە بواری ئاشتیپارێزی و ئەرکەکانی دیکەی پەیوەست بە ئاوەدانکردنەوە، بەتایبەت کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی و سەکتەری وزە، هەبوو.

لای خۆیەوە کونسولی گشتیی کۆریای باشوور، سوپاسی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد و خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی کە لە هەرێمی کوردستان وەکو کونسولی گشتیی وڵاتەکەی دەستبەکار بووە، هەروەها جەختی لە پەرەپێدان و پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستانەی کۆریای باشوور لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە گشت

بوارکاندا، کردو.